No: ژمارە: ١٢١٢٨

Date: ٢٧ / ٨ / 2014 ڕێکەوت: ٦ / / ٢٧١٤کوردی

بۆ/ وەزارەتی پلاندانان/دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری هەرێمی کوردستان.
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری.
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ بەڕێوەبەریەتی گشتی دیوان.
وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

بابەت/ بڕیارەکانی دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراک ژمارە (٢)

ئاماژە بە ڕەزامەندی بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی لەسەر کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراک ژمارە (٢) لە ڕۆژی چوارشەمە ٢٠١٤/٨/٢٠ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە دیوانی وەزارەت ،گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی ئەجێندای کۆبوونەوەکە کراو بڕیارماندا:.

**بڕیاری یەکەم:-**

هاوردنی خۆراک بۆ کۆمپانیا بیانیانیە وەبەرهێنەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان بڕیاردرا کە بڕیاری دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراکی عێراقی فیدراڵ ژمارە ١٩١ پکاری پێبکرێت بەمەرجێك:

١- پێش هاوردنی خۆراکەکە پێویستە وەزارەتی تەندروستی ئاگادار بکرێتەوە بە فەرمی لە لایەن کۆمپانیا کە سەبارەت بە بڕ و جۆری خۆراکەکە و ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیاکە.

٢- ئەم ڕێنماییانەی سەرەوە لەگەڵ بڕیاری ژمارە ١٩١ی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراکی عێراقی فیدراڵ بڕگەی یازدە ئەو خۆراکانە ناگرێتەوە کە لە لیستی قەدەغەکراوەکانن بە هۆی بوونی نەخۆشیە سنووربەزێنەکان.

**بڕیاری دووەم:-**

هاوردنی گۆشتی سووری بەستووی هیندی:

١- بەردەوامبوون لەسەر قەدەغەکردنی هاوردنی گۆشتی سووری بەستووی هیندی.

٢- قەدەغەکردنی هاوردنی هەموو ئەو بەرهەمانەی کە گۆشتی سووری وردکراو(قیمە) لە پێکهاتەکانیاندا هەیە وەك (کبە، بوورەك،هەمبەرگر،....) لە شارەکانی تری عێراق کە کە تێیدا گۆشتی سوری هندی قەدەغە نیە.

٣- ئاگادارکردنەوەی ئاسایش بە نوسراوێکی فەرمی لە وەزارەتمانەوە کە چاودێرییەکی ووردتر بکرێت لەلایەن بازگەکانەوە ڕێگری کردن لە هاتنە ناوەوەی گۆشتی سووری هیندی لە شارەکانی تری عیراقەوە.

ژمارە:
No:

ڕێکەوت: / / ٢٧١٤کوردی
Date: / / 2014

**بڕیاری سێ یەم:-**

**کێشەی کارگەی ماستی یوومی لە هەولێر:**

١- پشت ببەسترێت بە ئەنجامی پشکنینی تاقیگەی خۆراکی هەولێر یان کارگە وە نابێت نموونە وەربگیرێت بۆ پشکنینی تاقیگە لە لایەن بازگەکانی ناوخۆ تەنها لە ناو بازار نموونە وەربگیرێت بۆ پشکنین.

٢- ناردنی نوسراوێکی فەرمی بۆ وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری هەرێم سەبارەت بە پێداچوونەوەی ماوەی بەسەرچوونی ماست و ماستاو وە دانانی ماوەیەکی بەسەر چوون بۆ دۆ.

**بڕیاری چوارەم:-**

**کێشەی کارگەی گەس شۆرش:**

١- ڕاگرتنی هێلی دووەمی کارگەکە کە هەڵدەستێت بە ( تواندنەوەی گۆشتی بەستوو ، پارچە کردنی، برژاندنی، لە قوتوو کردنی، دانانی ماوەی بەسەرچوونی ٦مانگ ) بەبێ بوونی هیچ مۆڵەتێکی تەندروستی.

٢- بەردەوامبوون لەسەر کارکردن لە هێلی یەکەم ( لەشیش دانی گەس، فرۆشتنی بە خواردنگەکانی گەس فرۆشتن ) بەڵام بە چاودێریکردنێکی زیاتر لەلایەن تیمەکانی چاودێری بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی.

No:

ژمارە:

Date: / / 2014

ڕێکەوت: / /٢٧١٤کوردی

**بڕیاری پێنجەم:-**

داواکاری هاوردنی شەکری شل لە تورکیاوە لەلایەن کارگەی کۆکاکۆلای هەولێر پێشنیار کرا:

سەردانی کردنی کارگەکە لە وڵاتی تورکیا بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١. سەیرکردنی کارگە بۆ چۆنیتی ئەنجامدانی کارەکە وە بوونی مەرجەکانی تەندروستی.

٢. دڵنیابوون لە سەرچاوەی دروستکردنی شەکردکە کە ئایا سەرچاوەکەی ڕووەکییە یان کیمیاییە؟

٣. شێوازی گواستنەوەی شەکرەکە لە وڵاتی تورکیاوە بۆ کارگەی بەرهەم هێن.

٤. بەڵگەنامەیەك بسەلمێنێ کە ئەم جۆرە شەکرە لە وڵاتی تورکیا بەکاردێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

**هاوپێچ/**

- کۆنوسی کۆبوونەوەی ژمارە (٢)ی دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراك لە ٢٠١٤/٨/٢٠.
- بڕیاری ژمارە (١٩١) ی دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراکی عێراقی فیدراڵ.

**د. دارا رشيد محمود**

**بەڕێوەبەری کاروباری تەندروستی**

**٢٠١٤ / ٨/٣١**

٨/٢١

**وێنەیەك بۆ:**

- نوسینگەی بەڕێز وەزیر/بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بۆ زانین و ئەنجامدانی کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، دهۆك،سلێمانی ،گەرمیان /ب.خۆپاراستنی تەندروستی بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری خۆراك/بۆ کاری پێویست/لەگەڵ بەرایيەکان .
- خولاو .

د.ابراهيم